لەئەنجامی ڕووبەڕووبونەوەی چەکداری لەنێوان ئاسایش و بازرگانانی ماددەی هۆشبەر چوار کەس برینداربوون

دەزگای ئاسایشی هەرێم پێنج تۆمەتباری ماددەی هۆشبەر لە سلێمانی دەستگیردەکات.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی سلێمانی ئەمڕۆ دووشەممە ڕایگەیاندووە، کە بەشی بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکانی دەزگای ئاسایشی هەرێم، لە ڕووبەڕووبونەوەیەکدا لەناو قەزای پێنجوێن، توانیان بازرگانێکی ماددەی هۆشبەر بەبرینداری و 4 بازرگانی تر دەستگیربکەن.

بەرەبەیانی ئەمڕۆ دووشەممە، لەناو قەزای پێنجوێن لەسەر بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوەی ئاسایش، پاش ئەنجامدانی چاودێری و بەدواداچوونی ورد لەلایەن ئاسایشی سلێمانی، بەمەبەستی دەستگیرکردنی پێنج بازرگانی ماددەی هۆشبەر، ڕووبەڕووبونەوە ڕوویداوە لەئەنجامدا، بازرگانێک بەبرینداری دەستگیرکراو و چوار بارزگانی دیکە دەستگیرکراون و دەستبەسەر بڕی چوار کیلۆگرام ماددەی هۆشبەر لە جۆری کریستاڵ گیرا و تۆمەتباران ڕووبەڕووی یاسا کرانەوە.